

## گوللەیەکی دانسقەی ئالتونی ... شە مال عادل سلیم

shamal@privat. dk

کورتە چیرۆک
پێشکەشە بە رزگار کۆچەر
ئەفسەرەکە پربەقوورگی هاواری کردو وتی: بۆ چی کوشتتان؟ بۆ چی؟
هاواریئەفسەرەکە فەرماندەی هێزەکەی هێنایەوە هۆش خۆیو بەسەرسامیەوە لەبەرخۆیەوە کەوتە
دووان:- گەورەم خۆی. . . خۆی کوشت. . . . ئەو تەسلیممان نەبوو، ئێمە نەمان کوشت. . . . .
_تەرمێک لە ناوەراستی ژورەکە درێژ کراوە، حەشامەتێک لە جاش و جەیش و ئیستخبارات بەسەرسامیەوە لە دەوری وەستاون...
سەربازێکی کورتە بالای رەشتالە ئەنگوستی ئاماژەی بۆ تەرمەکە درێژ کردو وتی: گەورەم بەر لە خۆ کوشتنی، پربەقورگی هاواری دەکردوو و دەیووت تەنها کەمێک دان بە خۆتان بگرن و بەچاوی خۆتان دەبینن، ئا گەورەم تا دەهات دەنگی بەرزتر دەبووەوە، دەیوت - مردنم زۆر بەنرخە، ئێمە خۆمان بەدەستەوە نادەین □□□
ئەفسەرە دەموچاو زەردهەلگەراوەکە سەیری فەرماندەی هێزەکەی کردوو وتی:- تەکانێ بدە و ئەم تقوسە خەتەرناکە بشکێنە، چاوەرێی چین؟ خێرا راپۆرتەکەتان بنووسن، خێرا. . . . .
لە راپۆرتەکە هاتبوو:-
لەو پیاوەدا ئازایەتیەک هەیە کە پالت پێوە دەنێت بێ ویستی خۆت رێزی لێ بگریت، بەجورئەتێکی زۆرەوە ئەو لە کۆچەرەکانی دیکە ناچێت، کاتی شوێنەکەمان ئابلۆقەدا و داوای تەسلیم بونمان لێ کرد، هەر بە گوللە وەلامی دەدایەوە، دوای شەرومقاوەمەیەکی زۆر، خۆی کوشت،

لەکاغەزی سووتاو و لاشەیەکی لەخوێن گەوزاو و دەمانچەیەکبێ گوللە هیچی ترمان دەستنەکەوت مەخابن، مەخابن، مەخابن. . . . . . . . . . .
گەرەکم بوو بەزیندوویەتی، یان بەبرینداری دەسگیری بکەم، کەچی ئەو بەمردوویش تەسلیممان نەبوو. . . . . . . . خۆ ئەو لە وەچەی کۆچەرەکان بوو، بەلام نازانم بۆچی لەوان نەدەچوو. . . . . . . . .
نازانم .
نازانم. .
نازانم. . . . . . . . .

*شەهید کۆچەر (ناسح حمدامین) کادێرێکی ئازاو دلسۆزو خاوەن تەجرەبەی حیزبی شیوعی عێراقی بوو، لە ١٩٨٥/٥/١٨ دەورەی مالەکەی بەچەکدارانی بەعسی گۆر بەگۆر دەگیرێت و دەبێتە شەر، دوای شە رێکی کەم وێنە، هاورێ کۆچەر نامەو نهێنیەکان دەسووتێنێت و بە دوا گوللەی دە مانجە کە ی خۆی دەکوژێت، ئەو رووداوە لەناو شارو دەوروبەری بەفراوانی دەنگی دایەوە، خەللک تاکو ئەمرۆش باسی ئازایەتی و پالەوانیەتی و جوامێری شەهید کۆچەر دەکەن. . . . . . . .
*من خۆم ئەوگوللە دانسقەئالتوونیەم لەیرفانیگ شەهید بینی بوو، بەراشکاویش دەیفەرموو، ئەم گوللە بۆ خۆمە، مەترسن، نهێنیەکانی پێ دەپارێزم. .. . . . . .

کۆبنهاکن
18-09-2005